## ئەحکام و ئادابی نوێژ لە قورئان و سوننەتدا

ئامادەکردن

**ماموٚستا ( جمعه علی خورشید )**

لە بلاّوکراوەکانی ماڵپەڕی ئاشتی

www.ashtyk.com

ژمارە ( ٦ )

## بسم الله الرحمن الرحيم

١- (الصلاة) مانای چییە؟

واتای لە زمانەوانیدا نزاو پاڕانەوەیە.....وەك پەروەردگار ئەفەرمێت:((وصل عليهم)) {التوبه:١٠٣}.

واتا: بۆیان بپاڕێرەوە.

لە فەرموودەدا : ((وإن كان صائما فليصل)) . واتا: ئەگەر بە ڕۆژوو بوو با نزای بەرەکەت و خەیر بکات بۆ ماڵەکە.

(إبن الأعرابي) ئەڵێت: (الصلاة) لە خوای گەورەوە ڕەحمەتە، وەك خوای گەورە ئەفەرمێت: (هو الذي يصلي عليكم) {الاحزاب:٤٣} واتا: ڕەحمەتان پێ ئەگات. وتراوە (الصلاة) لە مەلائیکەوە: داوای لێخۆشبوون و پاڕانەوەیە، وەك (صلت عليه الملائكة عشراً) واتا: داوای لێخۆشبوونی بۆ ئەکا.

هەروەها وتراوە: (الصلاة) جوان و باش پێداهەڵدانی خوای گەورە لە سەر پێغەمبەر (ﷺ) وەك فەرموودەی پەروەردگار ((أولئك عليهم صلوات من ربهم و رحمة)) {البقرة:١٥٧} .

(ابن المنظور) لە (اللسان) دا ئەڵێت: (الصلاة) لە خوای گەورەوە ڕەحمەتە، و لە دروستکراوەکانەوە مەلائیکە و مرۆڤ و جنۆکە : ڕاوەستان و رکوع و سوژدە و پاڕانەوە و تەسبیحاتە، (الصلاة) لە باڵندە و گیاندارانەوە تەسبیحاتە.



٢- واتای لە شەرعدا: بەندایەتیەکە بۆ پەروەردگار، پێك دێت لە وتەو کرداری تایبەت، بە (الله أكبر) دەست پێ ئەکات، و بە (السلام عليكم) کۆتایی پێ دێت.

مەبەست بە وتە: (الله اكبر) و قورئان خوێندن و سبحان الله و پاڕانەوە........

مەبەست بە کردار: ڕاوەستان و رکوع و سوژدە و دانیشتن....

ئەگەر ورد بینەوە لە واتای (الصلاة) لە زمان و شەرعدا ئەبینین پەیوەندیەکی بتەو لە نێوانیاندا هەیە، نزاو پاڕانەوە و بە گەورە زانیین لە (الصلاة) دا هەیە لە واتای شەرعییەکەی، وەك بوترێ ناونانی بە(الصلاة) ناونانی شتێکە بە ناوی بەشی یەکەیەوە.

چونکە دۆعاو پاڕانەوە ئەوە لە نوێژدا هاتووە، و پێویستە ئاشکرایە کە نوێژ فەرزە و خوای گەورە بە ئەرك لە سەر زمانی داناوە، لە بەر ئەوەی نوێژی شەرعی پێی ئەوترێ (الصلاة) چونکە تێیدا پەروەردگار گەورە و پیرۆز ڕائەگیرێت.

بەمەیش ڕوون بوویەوە پەیوەندی لە نێوان واتای زمانەوانی و واتای شەرعی.

عیبادەت لە ئیسلامدا

خوای گەورە فەرمویەتی ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ (٥٦) مَا أُرِيدُ مِنْهُمْ مِنْ رِزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَنْ يُطْعِمُونِ (٥٧) إِنَّ اللَّهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ (٥٨)﴾،(الذاريات:٥٦-٥٨).